# پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکان

ئیدریس حاجی سعید/کەرکوك
edres_h_s@yahoo.com
1-8-2006

**یەکەم : ناو**

**زۆربەی حزبەکانی کوردستانی باشور**

**دووەم: پێناس**

**حزبەکانی کوردستان لە سەرەتای دروستبون و هاتنە مەیدانیان، تێکۆشەر و خزمەتکاری میللەت بونە بە دروشم و رستەی شۆڕشگێڕانە و وشەی قەبە، وایان لە خەڵکی گەیاند گەر کوردستان رزگاری بو ئەوا دەبنە مایەی خێروخۆشی بۆیان و ولاٌت بە یەکسانی و ئازادیەکی تەواو و خواستەکانی هەموانی تێدا بیتەدی دابین دەکەن.. بەلاٌم بە داخەوە وا دەرنەچو، هەر کە پێیان لە شاخ بڕا و ساڵی 1991 هاتنە شارەوە، سەرەتا هەوڵی دەوڵەمەندکردنی پارتەکانیاندا لە ریگەی ئەندامەکانیانەوە بە جۆرێکی زۆر نا شەرعی و فەرهود و ئاودیو سنورکردنی کارگە و شۆفڵ و فرۆشتنی ئەوانە موڵکی هەموان بو بۆ ئەوەی بتوانن ئیدارەی خۆیان بدەن لە روی داراییەوە بەو رێگە نامەنتیقیە.. کە دواتر هەر ئەوەش بوە هۆی دەستکرانەوەی ئەندامە بارزەکانیان کە لەپاش دەوڵەمەندکردنی حزب نۆرە بێتە سەر خۆیان و خێزان و کەسوکاریان، بۆیە هەر بەو رێگەیە تا ئێستایشی پێوە بێت خۆیان و تەنانەت ئەندامانی عەشیرەتەکانیشیان پێ دەوڵەمەند کردوە، بۆیە دەکرێت  بڵێن تێکۆشانی زیاتر  بۆ خۆیانە و گەر لێشیان مایەوە ئەوا بۆ گەل و دانیشتوان.**

**سێیەم: دروشم**

**ئۆخەی ئۆخەی هەر حزب و مەسئولێك بۆخۆی**

**چوارەم: ئارم**

**گیرفان و قاسەیەکی رەش و دەفتەری دۆلار**

**پێنجەم: ئەندامەتی**

**هەموو هاوڵاتیەکی کوردستان ناتوانێت ببێتە ئەندامێکی باش لە حزبەکاندا، بەم مەرجانەی خوارەوە نەبێت:**

1) گرنگ نیە تەمەنی چەند بێت، چونکە پێویستمانە و مەبەستمانە زۆری و بۆری.
2) پابەنـدی مەسـئولێك بێـت باشـترە لـە ئۆرگانـەکان، چـونکە لـە پاشـە رۆژدا هیـچی بۆناکرێت و خەباتی ون دەبێت.
3) ئابونە، زۆر باوی نەماوە.
4) لەناو خەڵکیدا ناو و ناوبانگی باشبێت یا نا ئاساییە.
5) دەست و دەم و داوێـن هەرچـۆنێك بێـت دەمانـەوێ، کۆنـە بەعـسیش بێـت هـەر لـە خزمەتیداین بە زیادەوە.
6) لانـی کـەم هۆشـیاری ماستاوچـێتی و دەسـتەگەری و خزمـەیاتی و عەشـیرەتبازی هەبێت.

**شەشەم: ئەرکەکانی ئەندام**

1) بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە شەخسیەکانی خۆی تێبکۆشێت.
2) دژی دەستەگەری و ناوچەگەری و هۆزگەری نەوەستێت.
3) هـەوڵی پڕکردنـی گیرفـانی خـۆیی و بەرپرسـەکەی بـدات و چـی ویـست بـۆی جێبەجێبکات.
4) نهێنیەکانی حزب باس بکات وەك هەواڵ و سەرچـاوە بیداتـە رۆژنامـە و دەزگاکـان، بەتایبەت خراپە و گەندەڵیەکانی جەماعەتەکەی تر.
5) بەرگری لە حزب بکات و قسەی سوك بە لایەنەکانی تر بڵێت، گەر کـرا لـە رێگـەی ئینتەرنێتەوە و بەناوی موستەعارەوەبێت باشترە.
6) بەرژەوەندی خۆیی و کوتلەکەی بخاتە سەروی حزب و هی حـزبیش بخاتـە سـەروی گەل و نیشتمانەوە.
7) حساب بۆ یاسا و مافەکانی هیچ مرۆڤێك نەکات دواتر پێی دەڵێن نـرسنۆکە و ئێمـە ئەندامی لەو جۆرەمان ناوێت.

**حەوتەم: مافەکانی ئەندام**

1) هەڵبژاردن و خۆ پالاوتن بۆ هەمو ئۆرگانەکان، تەنها شوێنی سەرۆك یـا سـکرتێر و رەیس حزب نەبێت.. هەرچەندە ئەگـەر لـە تەکەتولـدا نـەبێت دەرناچیت و باشـتر وایە سەری خۆی نەیەشێنێت.
2) پرسیار و پێشنیار، لە هەر کەس و لەسەر هەر مەسەلەیەکی سیاسی و رێکخراوەیی تەنها بواری دارایی نەبێت، دەتوانیت بە ئازادانە بیکات.

3) رەخنە، بۆ هیچ ئەندامێك باش نیە بیگرێت، هەر چەند ئێمە بە پێكەنینەوە وەڵامی دەدەینەوە، لە خوا بەزیادیش بێت ئێستا ئەوە لە كۆبونەوەكانماندا نەماوە و كەمیش دەوێرن خۆیانی لێبدەن.
4) لەكاتی تەنگانە و پێویستدا مافی ئەوەی هەیە داوای هاوكاری و یارمەتی بكات بۆ خۆیی و خێزانەكەی، ئەگەر نەسریە هات و لەبەر دەستابوو شتێكی پێ ئەدەین، خۆ ئەگەر لە ئەحباب و ئەقرەبا بێت و لە جەماعەت بێت ئەوا بەدۆلار لە خزمەتیداین.

**هەشتەم: سزادان**

هەمومان لەیەك دەچین و هەر یەكیشین، بۆیە سزادان نەماوە و كێش بیكات.!

**نۆیەم: مەرجەكانی كادیری سەركەوتو بریتین لە:**

1) زمان لوس و خۆبەرەپێش و لێو بەخەندە بێت.
2) ماستاوی باشبێت لە ئاست سەروی خۆی.
3) لە تەنگانە و لێقەوماندا خۆیشی بشارێتەوە دواتر بە خزمەت بۆی دەژمێردرێ.
4) لە هەر جێگەیەك قسە بە حزب بكات و تەكەتولەكەی تر بشكێنێ ئەوا دیموكراسیەتی ناو حزب فراوانتر دەكات.
5) بڕوای تەواوی بە تەكەتول هەبێت.
6) بەرژەوەندی خۆی پێش هەموی بخات.
7) هەوڵی پڕكردنی گێرفانی خۆی بدات لە قاسەی حزب و حكومەت و میللەت.
8) بانگەشە بۆ دەستە و سەرۆك دەستە بكات.
9) پەیوەندی توند و تۆڵ بێت لەگەڵ هاوبەرژەوەندیەكانی خۆیدا.
10) پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا، بون و نەبونی یەكە.
11) هۆشیار بێت بۆ حاڵی خۆی و هاوشانی گۆڕانكاری و هەڵبژاردنەكانی ناو حزب و بەهێزیی كوتلەكان، بەردەوام لە گۆڕاندا بێت.

**تێبینی:**

**لەگەڵ رێز و حورمەتی زۆرم بۆ ئەو كادیر و ئەندامە دڵسۆزانەی كە ئەوەندە كەمن ناتوانن هیچ گۆرانكاریەك بكەن و تا ئێستا بە پاكی و جوانی خۆیان ماونەتەوە و لە ناو زۆربەی گەندەڵچیەكاندا ونن، سلاو لە گیانی پاكی شەهیدان كە زۆر بە دڵسۆزی و بە پاكیەوە خۆیان كردە قوربانی .**